


# چەتر

موعتەسەم ساڵەیی
(کەرکووک)

دنیا تاڕادەیەک لەبەرچاوم تاریک بوو. هەورێکی توند ڕووی ئاسمانی داگیر کردبوو، نەرمە بارانەکە پڕووشەی دەکرد و دادەبارییە سەر جامی پێشەوەی ئۆتۆمۆبیلەکەم، هەر بەو هۆیەشەوە بوو فلچەی جامی پێشەوەی ئۆتۆمۆبیلەکەم خستبووە جووڵە، بۆ لابردنی ئاوی نمەی بارانەکە. لەلایەکی تریشەوە ناچاربووم کە بە هێواشی و هێدی هێدی لەسەرخۆ ئۆتۆمۆبیلەکە لێ بخوڕم، سەرەڕای باوباران و کەشوهەوا سەختەکە، کەچی ئۆتۆمۆبیلێکی زۆر لە قەمەرە و لۆری گەورەی بارهەڵگر دەبینران، بەردەوام لە هاتوچۆدا بوون و شەقامەکەیان دەبڕی. لە ڕۆژێکی ئاوەها تووش و پڕ لە باوباران، وەها چاکە بە خێراییەکی کەم ئۆتۆمۆبیل ڕەوت بکات، بەڵام کۆمەڵێک شۆفێری سەرکێش گوێ بە هیچ ڕێنمایی و یاسایەکی هاتوچۆ نادەن، بەخێراییەکی زۆرەوە ئۆتۆمۆبیلەکانیان لێ دەخوڕن.

من لە ئاستی خۆمەوە خۆشیم بەو سەرکێشییە نایەت، خوازیاری ئەوە نیم خۆم تووشی کارەساتێکی سەر ڕێوبانەکان بکەم. بە تەنیا دانیشتبووم و بە وریاییەکی زۆرەوە ئۆتۆمۆبیلەکەم لێ دەخوڕی. بەو نیازەی لەگەڵ خۆرئاوابووندا بگەمەماڵێ لە شاری کەرکووک. ڕادیۆکەم کوژاندەوە و بێدەنگم کرد، بەو شێوەیەیش بوارم بۆ ڕەخسا زیاتر ئاگام لە دەوروبەر و پێشی خۆم بێت.

تەنیایی و لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیل لە ڕۆژێکی باراناویی ئاوەهادا، دەبێتە مایەی بێزاری و سەخڵەتی

دەهێنێتە کایەوە. نمەنمەی بارانەکە بەردەوامە و فڵچەی جامی پێشەوەی ئۆتۆمۆبیلەکەیشم بێ وچان لە جموجووڵدایە، بۆ بەدیکردنی پێشی خۆم، کار ئاسانیم بۆ دەکات.

شارۆچکەی پردێم بڕی، لەپڕ لە خوارووی ماڵەکانەوە ڕوخساری کابرایەکی تاک و تەنیا بە تەنیشتی جادەکەوە سەرنجی ڕاکێشام. چەترێکی ڕەشی کراوەی بەدەستەوە گرتبوو بۆ خۆپاراستن لە پرووشەی بارانەکە. سەروگوێلاکی خۆی بە جامانەیەک پێچابووەوە، پاڵتۆیەکی ئەستوور و شۆڕی لەبەردابوو.

کاتێک چاوی بە ئۆتۆمۆبیلەکەم کەوت، بەپەلە خۆی گەیاندە سەر جادە قیرەکە، وەهام بۆ دەرکەوت کە مەبەستیەتی ڕێگریم لێ بکات و بموەستێنێت. دەستێکی لێم هەڵبڕی، ئەوسا بۆم ڕوون بووەوە کە دەیەوێت بچم بەهانایەوە و هەڵی بگرم. زیاتر هاتە سەر جادەکە و سووربوونی خۆی بۆ دووپات کردمەوە، زانیم کە پێداگرە لەسەر ڕاگرتنی ئۆتۆمۆبیلەکەم. ناچاربووم لابدەمە لاوەو بۆی بوەستم. بەپەلەو بەخێرایی بەرەو ئۆتۆمۆبیلەکەم هەنگاوی نا. چەترە ڕەشەکەی قەدکرد و دەرگەکەی کردەوە، بەهەناسەبڕکێ خۆی کرد بەنێو ئۆتۆمۆبیلەکەمدا.

سڵاوی لێ کردم و بە تەنیشتمەوە لێی دانیشت. بەخێرهاتنم کرد و بەژێر لێوەوە وەڵامی دامەوە. بۆ ماوەیەک بە سەرسوڕمانەوە چاومان بڕییە نێو چاوی یەکتر و لە ڕوخساری یەکتر وردبووینەوە. کابرایەکی تەمەن مامناوەندی بوو، وەها دیاربوو کە لە ماوەی چەند ڕۆژی پێشوودا نەپەرژابێتە سەر ئەوەی ریشی بتاشێت. جامانەیەکی بەسەروپۆتەڵاکی خۆیەوە پێچابووەوە، بێ ئارامی و نائۆقرەیی بە ڕوخسارییەوە دیاربوو. لێی دانیشت و بۆ چەند جارێک سپاس و پێزانینی خۆی ئاراستە کردم. کەوتمە ڕێ و بەرەو شار بەرەوخوار بوومەوە.

چەترە ڕەشە قەدکراوە تەڕەکەی لەژێر پێی خۆیەوە دانا. هەستم بە ماندوێتی و شەکەتییەکەی دەکرد. زۆر لەوە دەترسام کە بەدەم لێخوڕینەوە چاو لێک بنێم و خەو بمباتەوە، بۆیە حەزم بەوە بوو کەسێک بە تەنیشتمەوە هەبێت و لەگەڵمدا بکەوێتە دەمەدوو. مەودایەکم بڕی و بێدەنگی بەسەرماندا زاڵ بوو. جاروبار وڕەی ئەو ئۆتۆمۆبیلانە دەهاتنە بەر گوێمان کە بەتەنیشتمانەوە ڕەت دەبوون. بارانەکەیش سات لە دوای سات زیاتر دادەباری و دەیدا بەقەد ئۆتۆمۆبیلەکەماندا. فڵچەی جام سڕینەوەکەیش بێ پەروا خشەخشی لێوە دەهات و دەستبەکار بوو. پڕ بەدڵ حەزم دەکرد کە ئەو کابرا نەناسە دەمی هەڵبێنێت و بۆم بدوێت و هەستی تەنیاییم برەوێنێتەوە. زۆر چاوەڕوانیم کرد و بەتەمای ئەوەبووم کە گوێم لە قسەکانی بێت، تا بزانم کێیە و چ کارەیە و لە شاریشدا بەرەو کوێ دەچێت.

خەریک بوو لە هەڵوێستی خۆم پاشگەز ببمەوە و پەشیمانیش حاسڵ بکەم، سەبارەت بە هەڵگرتنی ئەم کابرا ڕێبوارە نەناسە. هێدی هێدی لەسەرخۆ ئۆتۆمۆبیلەکەم لێ دەخوڕی.

تا دەهات بارانەکە بەخوڕتر دەباری و دەوروبەریش زیاتر ڕەش دادەگەڕا، لە سات و وەختی مەغریبیش نزیک دەبووینەوە. تەماشای دەوروبەری جادە قیرەکەم کرد، لە ئاکامی ئەو بارانە زۆرەوە دەشتودەرەکە لەچەند شوێنەوە قۆرت و قووڵاییەکان گۆلیان بەستبوو، گەرچی کەسێک بەتەنیشتمەوە بەبێ دەنگی لێی دانیشتبوو، بەڵام لەناخەوە بێزاری و ماندوێتی تەنگی پێ هەڵچنیبووم، پێڵووی چاوەکانم خاو بوونەوە..

بە توندی ڕاچەنیم کاتێک بینیم کابرا بە تەنیشتمەوە بەتوندی هاوارم بەسەردا دەکات، بە جەختەوە داوای وەستاندنی ئۆتۆمۆبیلەکەم لێ دەکات.. بەواق وڕمانەوە تەماشای دەمانچەکەی دەستیم کرد و بەتوندی دامە بەرنیگا.. سەرلەنوێ بەسەرمدا نەڕاندی. داوای لێ کردم لابدەمە لاوە، بۆ ئەوەی ئۆتۆمۆبیلەکە بە تەنیشتی جادەکەوە بوەستێنم. سەرم لەو کردەوە چاوەڕوان نەکراوەی سوڕما. سەرزەنشتی خۆم کرد کە بۆچی بۆ ئەم پیاوە نەمەک حەرامە وەستام و سواری ئۆتۆمۆبیلەکەمم کرد، لەبری ئەوەی سوپاسگوزارم بێ، کەچی ئێستا ڕووی لوولەی دەمانچەکەی تێم کردووە و کەوتووەتە هەڕەشەوگوڕەشە لێم. سەرەتا ویستم نەچمە ژێر باری داواکارییەکەیەوە، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر فەرمانەکەی، لوولەی دەمانچەکەی لەسەرم گیرکرد، جارێکی تریش بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد و پێی وتم گەر بەقسەی نەکەم، ئەوە ناچار دەبێت لەم دەشتودەرەدا بێکەس کوژم بکات. لێبڕام لەژێر گوشاری هەڕەشە و چاو سوورکردنەوەیدا لابدەمە لاوە، بە تەنیشتی شەقامەکەوە ئۆتۆمۆبیلەکەم ڕابگرم. لەدڵی خۆمەوە وتم هیچ شتێک بەرانبەر بەم کابرا دەمانچە بەدەستە دادم نادات، جگە لە پاڕانەوە و پاکانە نابێت، ڕووی دەمم تێکرد و پێم وت کە مەبەستی چییە و چی لێم دەوێت؟ دەمی کردەوە و وتی:

– بە کورت و موختەسەری دەمەوێت ئۆتۆمۆبیلەکەت بڕفێنم بۆ خۆم.

بە چاوێکی پڕ لە ترس و دەنگێکی نەوییەوە پێم وت:

– من چاکەم لەگەڵ کردیت، کەچی تۆ بە خراپە پاداشتی چاکەکەم دەدەیتەوە!

– ئەم قسانە ناچن بە گوێمدا، زوو بکەوە خۆت، دابەزە خوارەوە و جێیەکەتم بۆ چۆڵ بکە.

بەردەوام بووم لەسەر پاڕانەوە، بەو ئومێدەی نەختێک دڵی نەرم بێت و لە کەلی شەیتان بێتە خوارەوە، بەڵام ئەو زیاتر پێداگری لە داواکارییەکەی خۆی دەکرد. ڕووی دەمانچەکەی لە نێوچەوانم گیرکرد و پێی وتم:

– بۆ خوا پێت دەڵێم و لە قسەم دەرمەچۆ، بەپەلە بکەوە خۆت و دابەزە خوارێ نەبادا خوێنت بڕێژم و بتکوژم، کێ دەڵێ بەپارەی حەرام ئەم ئۆتۆمۆبیلەت نەکڕیوە. هەر خوا خۆی دەزانێت کە چ دزی و فزییەکت کردووە، پارەت پێکەوە ناوە و ئەم ئۆتۆمۆبیلە مۆدێل تازەیەت پێ کڕیوە.!

لە ترسانا دەمم تەتەڵەی دەکرد، توانیم بێمە گۆ و پێی بڵێم:

– باوەڕپێت بێت بە درێژایی ژیانم تاقە دینارێکی حەرامم نەخواردووە.

پڕ بەدەم پێکەنی و دایە قاقاو وتی:

– هەمووتان ڕوو لە ئاسمان دەکەن و ئەم قسەیە دووپات دەکەنەوە!

دەستم بۆ مۆبایلەکەی قەدم درێژکرد تا لەگەڵ ماڵەوەماندا قسە بکەم، بەپەلە دەستمی گرت و نەیهێشت ئەوکارە بکەم. هەر ئەوەندەم بۆ مایەوە بە ملکەچی دابەزمە خوارەوە و بکەومە بەر ڕێژنەی بارانەکە، ئەویش بەپەلە لە جێیەکەم دانیشت.

بەشێوازی کەسێکی سەرکەوتوو تەماشای دەکردم. سات لە دوای ساتیش دنیا تاریک دادەگەڕا، کەسیش ئاگاداری ئەم بۆسەیە نەبوو کە تێی کەوتبووم، هیچ ئومێدێکم نەماو بەتەواوەتی دەستخەڕۆ بووم. زانیم کە دەبێت بە تاک و تەنیا لەژێر بارانی بەخوڕدا لەم

چۆڵەوانییەدا بە تەنیشتی جادە قیرەکەوە بەپێوە لێی بوەستم، ئەگەر دەستیش هەڵبڕم کەسێک بۆم ناوەستێت، ئەوانیش هەقیانە نەوەستن، خۆ وەک من گەمژە نین، کە بەدەستی خۆم ئەم پێشهاتەم هێنایە کایەوە، چارەنووسیشم بەم ئاکامە گەیشت. کابرا بەهەردوو دەستی ستێرنی ئۆتومۆبیلەکەی گرتبوو، لە ئانوساتدا بوو ئۆتومۆبیلەکە لێ بخوڕێت، لە کەلێنی دەرگەکەوە تەماشایەکی چەترە ڕەشەکەم کرد. دوا هیوا و ئاواتم ئەوەبوو کە ئەو چەترەم پێ ببەخشێت تا بیگرم بەدەستمەوە و خۆم لە ڕێژنەی بارانەکە بپارێزم.. سەرم درێژ کرد و بەدەنگێکی پڕ لە پاڕانەوە لەمیانی دەرگەکەوە، داوام لێ کرد چەترە ڕەشەکەیم پێ کەرەم بکات. جارێکی تریش دایە قاقای پێکەنین. دەستی بۆ چەترەکە برد و هەڵیگرت و هەموو تەلە ڕایەڵکراوەکانی تێکشکاند.. ئەوسا تووڕی هەڵدایە سەر زەوییە قوڕاوییەکەوە. بەتەوسەوە پێی وتم :

- خەیاڵت خاوەو هەرگیز ئەوەیشت پێ ڕەوانابینم، ناهێڵم ببیت بەخاوەنی چەترەکەم!

کەوتمەوە نێو دنیای تاریکی، لەپڕ هەستم کرد دەستێک بەتوندی قۆڵ و بازووم ڕادەوەشێنێت. بە پەلە چاوم کردەوە و هاتمەوە سەرخۆم.. خۆم بینییەوە کە دەستم بەسەر سوکانی ئۆتۆمۆبیلەکەوەیە، خەریکە لەسەر ڕاستەڕێی شەقامەکە، لادەدەم و ڕوو دەکەمە لاڕێ پڕ لە قوڕولیتاوەکە، کابرای تایینیش بەتەنیشتمەوە دانیشتووە، بێ وچان بەتوندی قۆڵ و بازووم ڕادەوەشێنێت، دەنگی هاتە بەر گوێم و ئاگاداری کردمەوە و پێی وتم:

- ئاگاداری خۆت بەو لە ڕاستەڕێیەکە دەرمەچۆ..!

هەندێک سەرم ڕاوەشاند و زیاتر چاوم کردەوە، بینیم زەلامەکە بە تەنیشتمەوە دانیشتووە، چەترە ڕەشەکەیش هەروەک خۆی بە قەدکراوی لەژێر پێیدایە، شەرمەزاری دایگرتم و سەرزەنشتی خۆم کرد، هێدی هێدی هاتمەوە سەرخۆم. لە دڵی خۆمدا وتم ڕاستە دەڵێن کە درێژترین خەون، ماوەکەی بەتەنیا چاوتروکاندنێک دەخایەنێت. دەمم پان کردەوە و بۆ کابرای تەنیشتم بە شەرمەزارییەوە پێکەنیم، لەڕووم نەهات بیبەمە سەرخۆم و دانی پێدا بنێم، کە لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیلەکەمدا خەو بردبوومییەوە. هەر ئەوەندەم بۆ مایەوە کە لەناخەوە سپاسی ئەو ڕێبوارە نەناسەی تەنیشتم بکەم، بەخۆمیش بڵێم گەر ئاگادارکردنەوەی ئەو نەبوایە، پێدەچوو تووشی کارەساتێکی گەورە و گران بوومایە. لایتی پێشەوەم هەڵکرد، لەسەرخۆ ڕێگەکەم بڕی و لە شاری کەرکووک نزیک بوومەوە. خۆشبەختانە هاوەڵەکەم بۆم دواو وتی:

- کوڕەکەم ماڵیان لە کەرکووکە، پێیان ڕاگەیاندووم کە یەکێک لە منداڵەکانی ناساغە، بۆیە منیش بەپەلەپرووزێ بەم ڕۆژە پڕ لە وەیشوومەیە، ملی ڕێم گرتووەتەبەر تا خۆم بگەیەنمە ماڵیان.

گەیشتینە شار و گڵۆپی دارتەلەکان شەقامەکانیان ڕووناک کردبووەوە، بارانیش بێ وچان بەخوڕ دادەباری. پێش ئەوەی بگەینە ئاستی گەراجی ئۆتۆمۆبیلەکانی ڕەحیماوە، کابرا داوای لێ کردم بوەستم بۆ ئەوەی دابەزێت، لامدایە لاوەو ئۆتۆمۆبیلەکەم وەستاند. بۆ چەند جارێک لەسەریەک سپاسی کردم. چەترەکەی بەدەستەوە گرت و دابەزییە خوارەوە و خواحافیزی لێ کردم، لەسەر شۆستەکە چەترەکەی کردەوە و کەوتە هەنگاونان، بەو جۆرە لە یەکتری دابڕاین.